

# هەموو هیوام ئەوەیە بتوانم درێسی هەڵبژاردەی کوردستان بپۆشم

## ئاسیا عەبدوڵا

یاریزانی تۆپی فوتساڵی ئافرۆدێت:

یاری تۆپی پێ تەنیا سەرنجی کوڕانی بۆ لای خۆی رانەکێشاوە و کچانی یاریزانیش بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە دێنە نێو یارییەکانی تۆپی پێ، بەتایبەتی یاری فوتساڵ. شارو شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانیش خاوەن کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانان کە دوارۆژێکی پرشنگدار چاوەڕوانی ئەوان دەکات، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانیش ئاسیا عەبدوڵایە کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ ناوچەی شارباژێڕەو خۆشەویستیی وەرزش وای لێ کردووە بە هۆی نەبوونی یانە روو بکاتە سلێمانی و لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یاری بکات و ئێستاش بەشێوەی خواستن رووی لە یانەی ئافرۆدێت کردووە، ئێمەش لە نزیکەوەی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** یاری فوتساڵ لە کوردستان چ ئاستێکی هەیە؟**
- تا رادەیەك ئاستێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە بەگشتی، دەتوانم بڵێم باشتریش دەبێت.

*** چی وا لەم یارییە دەکات کە زۆر پێش نەکەوێت؟**
-نەکردنەوەی پاڵەوانیەتی کاریگەری دەبێت، چونکە تا زیاتر پەرە بەم یارییە بدەن، ئاستی یاریزانان بەرەو پێش دەچێت.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی فوتساڵی کچان بەرەو پێش بچێت؟**
- کردنەوەی خولی بەردەوام و گرنگیدان بە یارییەکانی تۆپی دەست و گرنگیدان بە ئاستەکانی تەمەن ئەوانە گرنگیی خۆیان هەیە.

*** کێشەکانی یارییەکانی تۆپی فوتساڵ چییە؟**
- جگە لە نەبوونی توانای داراییی گرفتی گەورە ئەوەیە کە گرنگی نادرێت بەم یارییە. هەروەها کەمیی خول و پاڵەوانیەتی لە وڵاتەکەمان ئەوەش گرفتە بۆ ئەم یارییە.

*** لە چ یانەیەك داوای یاریکردنت لێ کراوە؟**
- تاکو ئێستا داوایان نەکردووە.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**
- بەهیوای ئەوەم لە داهاتوودا بتوانم خزمەتێکی زۆری وەرزشی وڵاتەکەم بکەم و هەوڵبدەم ببمە باشترین یاریزان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

*** تا چەند لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**
- هیچ کات لەگەڵ ئەوەدا نیم پشت بە یاریزانی دەرەوە ببەسترێت، چونکە لە کوردستان یاریزانی زۆر ئاست بەرز هەیە کە دەتوانن جێگای یاریزانە بیانییەکانیش پڕ بکەنەوە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**
- داواکارم گرنگی زۆر بە وەرزشی کچان بدرێت و بەرەو پێش ببرێت و خول و پاڵەوانیەتی بۆ یاریزانان و تیپەکان بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە وەرزش بێزار نەبن.

*** وەکو یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**
- تاکە خەونی من ئەوەیە بتوانم زۆرترین خزمەتی وەرزشی بکەم و ببمە یەکێك لە باشترین یاریزانەکانی سەر ئاستی کوردستان.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**
- بەخۆشحاڵیەکی زۆرەوە ئەمە نەك هیوای منە ئەوە هیوای هەموو کوردێکە، هەموو هیوای من ئەوەیە بتوانم درێسی هەڵبژاردەی کوردستان بپۆشم.

*** لە هەڵبژاردەی تۆپی فوتساڵ عێراق داواکراوی؟**
- بەڵێ داوا کراوم.

*** بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**
- بەهەریەك لە یاریزانان رۆناڵدۆ و میسی و رامۆس.

*** لە دەڤەرەکەی ئێوە لە شارباژێڕ هیچ یانەیەك نییە ئێوەی کچان بۆ وەرزشکردن کۆبکاتەوە ؟**
- نەخێر، نییە، بەڵام من وەکو حەزێکی خۆم کە وەرزشوانم هاتوومەتە سلێمانی بۆ یاریکردن.

*** چۆن بوو بڕیارت دا لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یاری بکەی؟**
- لە رێگای مامۆستاکەمەوە رووم کردە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و زۆریش دڵخۆشم لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**
-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست کە لە هەموو شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ خزمەتکردن بە بواری وەرزشی و هەر سەرکەوتوو بن.






## ئینێستا قسەی لەسـ

دەنگۆی ڕۆیشتنی نێیمار دا سیلڤا بۆ ریاڵ مەدرید لە ئارادایەو بەهۆی کێشەکانی ئەو هێرشبەرە بەرازیلییە لە یانەی پاریس سانجێرمان.

لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە چەند ئەستێرەیەکی یانەی بەرشلۆنە لێدوانی جیاوازیان لەسەر ئەو گرێبەستە دا، بەڵام دوایینیان ئەندریاس ئینێستای یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بەرشلۆنە بوو، کە بەپێچەوانەی بۆچوونی هەموو لێدوانەکانی تر قسەی کرد و گوتی: چوونی نێیمار بۆ ریاڵ مەدرید بەهیچ شێوەیەک بۆ من گرنگ نییە، بەڵام ئەو یاریزانێکی دەگمەنەو لە هەر یانەیەکدا

## کاکا وازی لە یاریکردن هێنا

ریکاردۆ کاکای بەرازیلی لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا وازهێنانی یەکجارەکی لە یاری تۆپی پێ ڕاگەیاند.

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی گلۆبۆی بەرازیلیدا کاکای تەمەن ٣٥ ساڵ وازهێنانی یەکجارەکی لە یاریی تۆپی پێ ڕاگەیاند، ئەوەش لە کاتێکدایە لە ژیانی یاریکردنیدا درێسی یانەکانی ساوپاولۆ و میلان و ریاڵ مەدرید و ئۆرلاندۆ سیتی ئەمەریکی پۆشیوە.

کاکا ڕایگەیاند، کە ژیانی کارکردنم وەك یاریزانێکی پیشەگەر تەواو بوو، زۆر بەهێمنی بڕیارم دا و بۆچونی کەسە نزیکەکانم وەرگرتووە، لە ئێستاشدا گەیشتومەتە ئەو بڕیارەی، کە لە ئێستاوە واز لە یاریی تۆپی پێ بهێنم.

پێشبینی دەکرێت کاکا لەماوەی داهاتوودا پۆستێك لە ئیدارەی یانەی ئەی سی میلان وەربگرێت.

کاکا لەساڵی ٢٠٠١ لە یانەی ساوپاولۆی بەرازیلی دەستی بە یاریکردن کرد و لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیلیشدا نازناوی مۆندیالی ٢٠٠٢ی بەدەستهێناوە، دواتر لەساڵی ٢٠٠٣دا پەیوەندیکرد بە یانەی ئەی سی میلان و نازناوی خول و جامی ئیتاڵیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و جامی جیهانی یانەکانی بەدەستهێناوە.

لەساڵی ٢٠٠٩ بەرامبەر ٦٧ ملیۆن یۆرۆ پەیوەندیکرد بە یانەی ریاڵ مەدرید و لەو کاتەشدا بووە گرانترین دووەم یاریزان لە مێژووی تۆپی پێدا.

لەگەڵ یانەی ریاڵ مەدرید نەیتوانی ئاستی بەرز پێشکەش بکات و دوای چوار ساڵ گەڕایەوە یانەی ئەی سی میلان و پاشان رویکردە یانەی ئۆرلاندۆ سیتی ئەمەریکی.




# ـــــــەر نێمار و کۆتینهۆ کرد

یاری بکات ریزەکانیان تۆکمەتر دەکات.

سەبارەت بەهاتنی فیلیپ کۆتینهۆی ئەستێرەی یانەی لیڤەرپول بۆ یانەی بەرشلۆنە ئێنێستا گوتی: هاتنی ئەو یاریزانە هەوڵێکی باشە بۆ ئەوەی زیاتر هێڵی ناوەڕاستی یانەکەمان بەهێزتربکەین و گرنگی خۆی هەیە بۆ یانەی بەرشلۆنە.

لەماوەی رابردوودا هەریەکە لە لیۆنێل مێسی و لویس سوارێزی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە باسیان لە چوونی نێیمار بۆ ریاڵ مەدرید کرد و نارازیبوونی خۆیان لەسەر ئەو گرێبەستە دەربڕی و ئاشکرایانکرد لەو بڕوایەدا نین نێمار کاری لەو جۆرە بکات، چونکە ئەو ئێستاش بەرشلۆنەی خۆشدەوێت.




# بایرن میونیخ
# یەکەم گرێبەستی وەرزی زەستانەی مۆرکرد

یانەی بایرن میونیخ ئەڵمانی یەکەم گرێبەستی گواستنەوەی زستانەی یەکلاییی کردەوە.

رۆژنامەی کیکەری ئەڵمانی بڵاویکردووە یانەی بایرن میونیخ لەگەڵ ساندرۆ ڤاگنەری هێرشبەری یانەی هۆفنهایم رێککەوت و لە گواستنەوەی زستانەدا ئەو یاریزانە دەباتە ریزەکانی.

کیکەر بڵاویشیکردووە بایرن میونیخ و هۆفنهایم لەسەر خاڵە سەرەکییەکانی رێککەوتنی گواستنەوەی ساندرۆ ڤاگنەر بۆ ئەلیانز ئەرینا رێککەوتوون و تەنیا چەند وردەکارییەکی بچوکی گرێبەستەکە ماوە رێککەوتنی لەسەر بکرێت.

هەمان سەرچاوە بڵاویشیکردووە واژووکردنی ئەو گرێبەستە ١٢ ملیۆن یۆرۆ لەسەر یانەی بایرن میونیخ دەکەوێت.

ڤاگنەر پێشتر یاریزانی تیپی تازەپێگەیشتوانی یانەی بایرن میونیخ بووە و دواتر پەیوەندی بە یانەکانی دۆیسبۆرگ و ڤێردەربریمەن و کایزەرسلاوترن و هێرتابەرلین و دارمشتات و هۆفنهایم کردووە.

# ئافرەتانی هەولێر چاویان لە پاڵەوانێتیە



تیپی فوتساڵی یانەی ئافرەتانی هەولێر ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی رابردوو بە تیپێکی تۆکمە و بەهێز چۆتە نێو کێبڕکێیەکانی خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان، کارگێڕی تیپەکەش بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولی نایابی یانەکانی ئەم وەرزە کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانای لەشاری سلێمانی و کەرکووکەوە هێناوەتە ریزی یانەکەی بۆ ئەوەی نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، بەڵام تیپەکە سەرەڕای ئەنجامی باش گرفتی نەبوونی یاریگاو مووچەی هەیە، لەم بارەشەوە مەزن محەممەد راهێنەری تیپی تۆپی پێی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ خولی فوتساڵی نایابی کوردستان خولێکی بەهێزە و ئێمەش دەمانەوێ بتوانین تیپێکی بەهێز بین بۆ ئەوەی نازناوەکە بۆ خۆمان یەکلایی بکەینەوە، هەرچەندە لە ئەنجامەکانمان رازین، بەڵام چاومان لە ئەنجامی گەورەترە.» لەبارەی گرفتەکانی تیپەکەش گوتی: «دوو گرفتی سەرەکیمان هەیە لە تیپەکە کە نەبوونی یاریگایە و ئەوەش بۆ ئێمە زۆر پێویستە کە بۆتە گرفت بۆمان و کێشەی بۆ دروست کردووین، جگە لەوەش نەبوونی مووچە و توانای دارایی باش کێشە بووە بۆ ئەوەی بتوانین تیپەکەمان مووچەیان بۆ دابین بکەین، منیش وەکو خۆم کە راهێنەری تیپەکەم ماوەی زیاتر لە چوار ساڵە هیچ مووچەیەکم وەرنەگرتووە و، بە شێوەی خۆبەخش کاردەکەم.» لە بارەی کێبڕکێ کردنیش لەگەڵ تیپەکانی تر گوتی: «حیسابێکی تایبەت بۆ سەرجەم تیپەکان دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە نازناوەکە، ئامانجی ئێمەش نازناوەکە و لە هیچ تیپێك ناترسین و چاومان لەوەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم یاریزانان نازناوەکە بگەڕێنینەوە شاری هەولێر»

# دیدار حامد: خولی کوردستان خولێکی بەهێزە



یانەکانی کوردستان ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی ئامادەکارییەکانن بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان کە بڕیارە لە سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی نوێ یارییەکانی دەستپێبکات، تیپی تۆپی پێی یانەی هەولێریش دوای دوورخستنەوەی لە خولی نایابی عێراقی، ئێستا هەموو هێز و چاوەکانی خستۆتە سەر ئامادەکارییەکانی بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، دیدار حامد گۆڵپارێزی تیپی تۆپی پێی یانەی هەولێر سەرەڕای هەبوونی گرێبەستیش ئامادە نییە دەستبەرداری خولی نایابی کوردستان بێت، لە بارەی ئامادەکارییەکانیش دیدار حامد کاپتنی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکاری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر بەردەوامە لە دوای ئەوەی لە خولی عێراقیش بە مەبەست ڕێگری لە بەشداریکردنمان کرا، بۆیە ئێستا تیپەکەمان سەرقاڵی ئامادەکارییەکانە بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، تیپێکی باشمان هەیە و سەرجەم یاریزانەکانمان لە ئامادەباشیدان بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنن.» لە بارەی هاتنی گرێبەستیش گوتی: «چەند گرێبەستێکم هەبوو لە یانەکانی بەشدار لە خولی عێراقی، بەڵام هیچ کات ئامادە نیم بەشداری لەگەڵ هیچ تیپێك بکەم و ریزی یانەی هەولێر جێ بهێڵم، بۆیە گرێبەستەکانم ڕەتکردەوە، خولی کوردستانیش بۆ ئێمە بەدیلی خولی عێراقییە، بۆ ئێمە لەگەڵ یاریزانەکان لەوپەڕی ئامادەباشیداین، بۆ ئێمەش جیاوازی هەیە کە ئەمساڵ خولەکە سەرتاسەرییە، هەرچەندە تیپەکان ژمارەیان کەمە، بەڵام بەهێزییەکەی جارانی هەیە، ئێستاش تەنیا بیر لە داهاتووی خۆم دەکەمەوە لەگەڵ یانەی هەولێر بۆ ئەوەی بتوانین لە خولی نایابی کوردستان لەگەڵ یانەی هەولێر باشترین ئەنجام بەدەست بهێنین و هەوڵی بەدەستهێنانی نازناوی خولی نایابی کوردستان بدەین، یاریزانی بەتواناشمان هەیە و دەتوانین کێبڕکێی بەهێز ئەنجام بدەین، ئێستاش هەموو هەوڵەکانمان چڕکردۆتەوە بۆ ئامادەکارییەکانمان بۆ خولی نایابی کوردستان.»

# بروسک ستافی ڕاهێنەری دیاری کرد



تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی بروسك ناوێکی پڕشنگدارە لە مێژووی وەرزشیی کوردستان بەتایبەتیش شاری هەولێر، جگە لەوەی خاوەنی دوو نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستانە، ئەمساڵیش لە دوای ئەوەی کارگێڕی نوێی یانەکە دەستبەرکاربوون بڕیاری بەشداریکردنیان داوە لە خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان، بۆیە ئیدارەی یانەکە لە ئێستاوە پلانی سەرکەوتنیان داڕشتووە بۆ ئەوەی تیپەکە بگەڕێنەوە سەردەمی زێڕینی خۆیان، لە یەکەم کاریان ستافی ڕاهێنەرانیان دیاری کردووە، لە بارەی دەستنیشانکردنی ستافی بەڕێوەبردنی تیپەکەش محەممەد حەمەخان سکرتێرو سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی بروسك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێستا وەکو کارگێڕی یانەی وەرزشیی بروسك لە یەکەم کارمان دەستنیشانکردنی دەستەی ڕاهێنەرانی تیپەکەمان بووە، مامۆستا ئامانج مەحمود کە کوڕی یانەکەمان بووە، ئێستا وەکو ڕاهێنەر و هێرش عەزیز وەکو ڕاهێنەری گۆڵپارێز و خۆیشم وەکو سەرپەرشتیاری تیپەکە کۆدەکەینەوە بۆ ئەوەی تیپێکی تۆکمە دروست بکەین، ستافی ڕاهێنەرانیش سەرپشك کراون بۆ ئەوەی بە هێزترین تیپ دیاری بکەین و یاریزانەکان بە ئارەزووی خۆیان دەستنیشان بکەن، تاکە ئامانجی ئێمە تەنیا دیاریکردنی یاریزانی باش و بەئەزموونە بۆ ئەوەی تیپی یانەی بروسك بە بەهێزی بهێڵینەوە بیگەڕێنینەوە سەردەمی زێڕینی، یەکەم کاریشمان لە خولی پلەدووەکانەوە دەستپێدەکات، جگە لە هێنانی ژمارەیەك یاریزانی باشیش کە خۆیان ئارەزووی ئەوە دەکەن بگەڕێنەوە ریزی یانەی بروسك کە پێشووتریش لەو تیپە بوون، ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی یاریزانانین بۆ ئەوەی لەم خولە گەورە هەرچی هەبێت ئەنجامی بدەین و هەتا بگەڕێینەوە خولی پلە یەك و پلە نایابی کوردستانیش، هیوای ئێمەش وەکو کارگێڕی تیپی بروسك گەڕانەوەی یانەی بروسکە بۆ سەردەمانی زوو، ئەو توانایەشمان هەیە کە بتوانین تیپێکی تۆکمە و بەهێز بنیاد بنێین بۆ ئەوەی بتوانین کێبڕکێی هەموو لایەك بکەین، لە بارەی قەیرانی دارایيش گوتی: «ئەکادیمیای یانەی دلکورد بەڵێنی هاوکاری تەواوی بە تیپەکە داوە و سەرپەرشتیی تیپەکە دەکات لە ڕووی سپۆنسەری داراییەوە، ئاواتی ئەوانیش ئەوەیە کە تیپەکە بگەڕێتەوە بۆ قۆناخەکانی بەهێزی جارانی و بەڵێنی هەموو پاڵپشتی و هاوکارییەکیان داوە، بۆ ئەوەی بروسك لە خولی پلە دوو بۆ خولی پلە یەکی کوردستان سەربکەوێت.»